# هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار 2024

**هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار 2024**

هاوڵاتیانی فینلاند شەش ساڵ جارێک لە ڕیگەی هەڵبژاردن سەرۆک کۆمار دیاری دەکەن. لەوانەیە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دوو جار هەڵبژاردن هەبێت.

ئەگەر یەک لە کاندیدەکان لە یەکەم دەنگدان دا زیاتر لە نیوەی دەنگەگان بەدەست بێنێت، ڕاستەوخۆ وەک سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت.

ئەگەر کەس لە کاندیدەکان لە یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا زیادتر لە نیوەی دەنگەکانی وەدەست نەهێنێت، هەڵبژاردنی دووهەم ڕێک دەخرێت.

دووهەم هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردەیەی زۆرترین دەنگیان لە هەڵبژاردنی یەکەم وەدەست هێناوە ڕێک دەخرێت.

**دەنگدانی یەکەم:**

ڕۆژی دەنگدان: یەک شەمە 28.1.2024
دەنگدانی پێشوەختە لە فینلاند لە ڕێکەوتی 17.1.2024 تا 23.1.2024.
دەنگدانی پێشوەختە لە دەرەوەی فینلاند 17.1.2024 تا 20.1.2024.

**ئەگەر دووهەمین هەڵبژاردن ڕێک بخرێت:**

ڕۆژی دەنگدان: یەک شەمە 11.2.2024
دەنگدانی پێشوەختە لە فینلاند 31.1.2024 تا 6.2.2024.
دەنگدانی پێشوەختە لە دەرەوەی وڵات 31.1.2024 تا 3.2.2024

**ئەرکەکانی سەرۆک کۆمار**

سەرۆک کۆمار پێکەوە لەگەڵ پەرلەمان ڕێبەریی سیاسەتی دەرەوەی فینلاند دەکات.

سەرۆک کۆمار ئەو یاسایانەی لە لایەن پەرلەمان قەبوڵ کراون پشتڕاست دەکاتەوە.

سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی تر لەسەر ئەرکەکانیان دادەمەزرێنێت.

لەگەڵ ئەوە دا، سەرۆک کۆمار قازی و هێندێک لە فەرمانبەرە پلە باڵاکان دا دەمەزرێنێت.

ئەو بریار لەسەر شەڕ و ئاشتی دەدات. بەڵام سەرۆک کۆمار بۆ بریاردان پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان هەیە.

**کێ دەتوانێ دەنگ بدات؟**

دەتوانی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا دەنگ بدەیت ئەگەر،

- هاوڵاتی فینلاندی و
- دوا کات لە ڕێکەوتی 28.1.2024 بوویت بە 18 ساڵ.

**دەتوانی دەنگ بە کێ بدەیت؟**

حیزبەکان و یەکێتییەکانی هەڵبژێرەر دەتوانن کاندیدی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دیاری بکەن.
کاندیدەکە دەبێ لە فینلاند لە دایک بووبێت و لە کاتی لە دایکبوونی دا هاوڵاتیی فینلاند بێت.
کاندیدەکانی سەرۆک کۆماری بۆ سەراسەری وڵاتن، بۆیە دەتوانی دەنگ بە هەر کاندیدێکی بتهەوێ بدەیت.

هەر کاندیدەی ژمارەی دەنگدانی خۆی هەیە.
ژمارەی کاندیدەکان لە شوێن و ژووری دەنگدان دانراون. دەتوانی بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکان، تەلەڤیزیۆن و ئینتەرنێت زانیاری لەسەر کاندیدەکان کۆکەیتەوە.

**ئاگادارینامەی مافی دەنگدان**

ئەگەر تۆ مافی دەنگدانت هەبێت، نامەیەکت لەسەر ئەو بابەتە بۆ دێتەماڵەوە.
لە نامەکە دا دوو ئاگاداریی مافی دەنگدان هەیە.

ئەگەر دەستت بە کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاری Suomi.fi کردبێت، ئاگادارییەکەت بە شێوەی دیجیتاڵی پێدەگات.
Suomi.fi خزمەتگوزاریی فەرمانگای زانیاری دیجیتاڵی و جەماوەرە (Digi- ja väestövirasto).
دەتوانی لەسەر ئەو بابەتە زانیاری زیاتر لەو ناونیشانە بخوێنیتەوە www.suomi.fi/viestit.

دەتوانی خۆت هەڵبژێری کە ئایا لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا یان لە هەڵبژاردنی پێشوەختە دا دەنگ دەدەیت.
ئەگەر لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکە دا دەنگ دەدەیت، لە ئاگاداری مافی دەنگدانەکە دا تەماشای شوێنی دەنگدانەکە بکە.

ئەگەر لە کاتی دەنگدانی پێشوەختە دا دەنگ دەدیت، دەتوانی لە هەر خاڵێکی دەنگدانی پێشوەختە دەنگ بدەیت.
ئاگاداریی مافی دەنگدانەکە لیستی خاڵەکانی دەنگدانی پێشوەختەشی لەگەڵە.

پێویست ناکات ئاگاداریی مافی دەنگدانەکە لەگەڵ خۆت بەری بۆ خاڵی دەنگدان. تەنیا ناسنامەت پێ بێت بەسسە.

**دەنگدانی لە ماڵەوە ڕا**

ئەگەر نەخۆشی یان چوونت بۆ خاڵی دەنگدان یەکجار زەحمەتە، دەتوانی پێشوەختە لە ماڵەوە ڕا دەنگ بدەیت.

بۆ دەنگدانی لە ماڵەوە ڕا، **دواکات 16.1.2024 کاتژمێر 16**، لە کۆمیسیۆنی ناوەندیی دەنگدان شارەوانیی خت ناونووسی بکە.

ژمارە تەلەفۆنەکە لە ئاگاداریی مافی دەنگدانەکە دا هەیە.
دەتوانی زانیاریی زیاتر لەسەر دەنگدان لە ماڵەوە ڕا لە کۆمیسیۆنی ناوەندیی دەنگدان وەرگریت.

ئەگەر دووهەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ڕێک بخرێت، ناونووسییەکەت بۆ قۆناخی دووهەمیش هەردەمێنێت.

**بەوشێوەیەی خوارەوە دەتوانی پێشوەختە دەنگ بدەیت**

دەتوانی لە هەر خاڵێکی دەنگدانی پێشوەختە، دەنگ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکۆمار بدەیت.

**کاتی دەنگدانی پێشوەختە لە فینلاند: 17.1.2024 تا 23.1.2024**
**کاتی دەنگدانی پێشوەختە لە دەرەوەی وڵات: 17.1.2024 تا 20.1.2024**

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار دا دەنگدانی دووهەم ڕێکخرا، دەتوانی ئەو کاتیش لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا یان لە کاتی دەنگدانی پێشوەختە دەنگ بدەیت.

**کاتی دەنگدانی پێشوەختەی دووهەم هەڵبژاردن لە فینلاند: 31.1.2024 تا 6.2.2024**
**کاتی دەنگدانی پێشوەختەی دووهەم هەڵبژاردن لە فینلاند: 31.1.2024 تا 3.2.2024**

کاتێک دەچی بۆ دەنگدان ناسنامەی وێنەدار لەگەڵ خۆت بەرە، بۆ نموونە پاساپۆرت، هەویە یان مۆڵەتی شۆفێری.

**لە خاڵی دەنگدانی پێشوەختە بەو شێوەیەی خوارەوە هەڵسووکەوت بکە:**

**1. ناسنامەکەت بە فەرمانبەری هەڵبژاردن نیشان بدە.**
فەرمانبەرەکە ناسنامەکەت کۆنترۆڵ دەکات و پسوڵەی دەنگدانت پێ دەدات.

**2. بچۆ بۆ ناو ژووری دەنگدان.**

لەسەر پسوڵەی دەنگدانەکە ژمارەی ئەو کاندیدەی دەنگی پێدەدەی بنووسە.
لەسەر پسوڵەی دەنگدانەکە هیچی تر مەنووسە.
ژمارەی کاندیدەکان لە ناو ئەو لیستەی ناوی کاندیدەکانی تێدایە و لە دیواری ژووری دەنگدانەکە دراوە، نووسراوە.

**3. پسوڵەی دەنگدانەکە لە نیوەڕاست دا بەشێوەیەک قەد بکە کە کەس ژمارەکە نەبینێت.**

**4. بگەڕێوە لای فەرمانبەرەکە.**

ئەو مۆر لە پسوڵەی دەنگدانەکە دەدات و پاکەتێکی نامەی ڕەنگی قاوەییت دەداتێ.

**5. پسوڵە مۆر کراوەکەی دەنگدان لە ناو ئەو پاکەتە بخە و سەری پاکەتەکە قەپات بکە (دا بخە).**

**6. فەرمانبەرەکە داوات لێ دەکات کە فۆرمێک واژۆ بکەیت.**

بە واژۆکردنی ئەو فۆرمە پشتڕاست دەکەیتەوە کە خۆت دەنگت داوە، دەنگەکەت مۆر کراوە و خۆت پاکەتی نامەکەت قەپات کردووە.

**7. لە کۆتایی دا فەرمانبەرەکە پاکەتە قاوەییەکە و فۆرمەکە لە ناو پاکەتێکی نامەی زەرد دەخات.**

فەرمانبەرەکە پاکەتە زەردەکە دادەخات.
پاکەتەکە دەنێردرێ بۆ کۆمیسیۆنی ناوەندیی شارەوانییەکەت.

**له ڕۆژی هەڵبژاردن دا بەو شێوەیەی خوارەوە دەنگ دەدەی**

**ڕۆژی هەڵبژاردن یەک شەمە 28.1.2024** یە.

**ئەگەر هەڵبژاردنی دووهەم ڕێک بخرێت ڕۆژی یەکشەمە 11.2.2024 دەبێت.**

**ڕۆژی هەڵبژاردن خاڵەکانی دەنگدان لە کاتژمێر** 9 **تا** 20 **کراوەن**

تەنیا لەو خاڵەی لە ئاگاداریی دەنگدانەکەت دا ڕاگەیاندراوە دەتوانی دەنگ بدەیت.

کاتێک دەچی بۆ دەنگدان ناسنامەی وێنەدار لەگەڵ خۆت بەرە، بۆ نموونە پاساپۆرت، هەویە یان مۆڵەتی شۆفێری.

**لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا بەو شێوەیەی خوارەوە دەنگ دەدەی:**

**1. ناسنامەکەت بە فەرمانبەری هەڵبژاردن نیشان بدە.**
فەرمانبەرەکە ناسنامەکەت کۆنترۆڵ دەکات و پسوڵەی دەنگدانت پێ دەدات.

**2. بچۆ بۆ ناو ژووری دەنگدان.**

لەسەر پسوڵەی دەنگدانەکە ژمارەی ئەو کاندیدەی دەنگی پێدەدەی بنووسە.
لەسەر پسوڵەی دەنگدانەکە هیچی تر مەنووسە.
ژمارەی کاندیدەکان لە ناو ئەو لیستەی ناوی کاندیدەکانی تێدایە و لە دیواری ژووری دەنگدانەکە دراوە، نووسراوە.

**3. پسوڵەی دەنگدانەکە لە نیوەڕاست دا بەشێوەیەک قەد بکە کە کەس ژمارەکە نەبینێت.**

**4. بگەڕێوە لای فەرمانبەرەکە.**

ئەو مۆر لە پسوڵەی دەنگدانەکە دەدات.

**5. پسوڵە مۆر کراوەکە لە ناو سندووقی دەنگدان بخە.**

**له کێ دەتوانی یارمەتی وەرگریت؟**

**فەرمانبەرانی هەڵبژاردن لە خاڵەکانی دەنگدان ڕێنوێنی و یارمەتیت دەدەن.**

لە خاڵەکانی دەنگدان هەروەها یاریدەدەری دەنگدانی لێیە.
ئەگەر خۆت ناتوانی ژمارەی کاندیدەکە لەسەر لاپەڕەی دەنگدان بنووسی، دەتوانی ئەو یاریدەدەرە بانگ کەی بۆ ژووری دەنگدان بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

هەروەها کەسێکی کە خۆت هەڵتبژاردووە دەتوانێ یارمەتیت بدات.
ئەو کەسە دەکرێ خزم یان کەسێکی نیزیکت بێت.
بەڵام ئەو کەسەی یارمەتیت دەدا نابێ کاندیدەکە خۆی یان کەسی نیزیکی کاندیدەکە بێت.

یاریدەدەری دەنگدان ناتوانێ پێت بڵێ دەنگ بە کێ بدەیت.

-

**نهێنیی دەنگ**

هەر کەسەی خۆی دەتوانێ بڕیار بدا کە ئایا دەیهەوێ دەنگ بدا یان نا و دەنگ بە کێ دەدات.

نهێنی دەنگدان واتای ئەوەیە کە تۆ پێویست ناکات بە کەس بڵێی دەنگت بە کێ داوە.

بۆ ڕاگرتنی نهێنی دەنگدان لە ژووری دەنگدان دا دەنگ دەدەی.

-

**لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا دەنگ بدە! بەو شێوەیە دەتوانی کاریگەری بکەیتە سەر ئەوەی کە کێ ئەرکەکانی سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەنجام دەدات.**

لەو نامیلکەیە دا بە زمانی ئاسان باسی دەنگدان و هەڵبژاردنی ساڵی 2024ی سەرۆک کۆمار دەکرێ.

لەو ناونیشانە دا زانیاری زیاتر دەدۆزییەوە: www.vaalit.fi

هەروەها دەتوانی لەسەر هەڵبژاردن و دەنگدان لە هێڵی خزمەتگوزاریی وەزارەتی داد لە ڕیگەی ژمارە تەلەفۆنی 4770 9 0800 پرسیار بکەی.

هەروەها دەتوانی پرسیارەکەت لە ڕێگەی WhatsApp بۆ ژمارەی 8730 438 050 بنێری.